25ی ئەیلولی 2016 بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق دۆگلەس سیلیمان سەردانی سلێمانی دەکات

لەڕێکەوت24ی ئەیلول, باڵیۆزی ئەمەریکا لە بەغداد, دۆگلەس سیلیمان, بەهاوڕێیەتی کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لەهەولێر, کێن گرۆس, لەگەڵ هێرۆ تاڵەبانی و بەرهەم ساڵح و محەمەد تۆفیق ڕەحیم و کۆسرەت ڕەسوڵ و چەند سەرکردەیەکی تری سیاسی لە سلێمانی کۆبوونەوەکاندا باسی دابینکردنی پێداویستیەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و شەڕی داعش و هەوڵە بەردەوامەکانی سەقامگیری و ئاستەنگە ئابوریەکانی بەردەم هەرێمی کوردستانی عێراقیان کرد. باڵیۆز سیلیمان, هانی لایەنەکانیدا زاڵبن بەسەر کێشە سیاسیە پەرتەوازکەرەکان و بەیەکەوە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشە هەنوکەیی وگرنگانە بکەن کە کاریگەری لەسەر عێراق وهەرێم دروست دەکەن.

باڵیۆز سلیمان هانی خوێندکارانی زانکۆری ئەمەریکی لەعێراق-سلێمانی دا بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگاکانیان دروست بکەن و بەیەکەوە کار بۆ دروستکردنی عێراقێکی زیاتر یەکگرتوو ودیموکراسی خۆشگوزەران بکەن.

###